# ئایە حەسەن: هەرگیز بە بیرمدا نەهاتبوو ببمە نمایشکاری جلوبەرگ



**سەرەڕای دۆخی نالەباری رۆژئاوای کوردستان، بەڵام لە بوارە جیاجیاکانی هونەردا کەسانی بە توانای و لێهاتوو لەو پارچەیەی کوردستان هەڵکەوتوون، کە شوێنپەنجەیان دیارە، هەرچەندە بەشێکیان پەرتەوازەی ئەوروپا و وڵاتانی دنیا بوون کەچی لەوێش کۆڵیان نەداوە و وێنەیەکی جوانیان پێشکەش کردووە، ئایە حەسەن یەکێك لەو کچە رۆژئاواییانەیە کە نمایشکاری جلوبەرگ و دیزاینەری جلوبەرگی کوردییە، لە هەمان کاتدا لە چەند کلیپێکیشدا وەك ئەکتەر دەرکەوتووە، لە دیمانەیەکدا ئایە حەسەن تیشك دەخاتە سەر چەند لایەنێکی تایبەتی ژیانی خۆی.**

سەرەتا خۆی دەناسێنێت و دەڵێ: ناوم ئایە حەسەنە و خەڵکی رۆژئاوای کوردستانم و ماوەی شەش ساڵە لە هۆڵەندا دەژیم، قوتابیی بەشی پەرستاریم، لە بواری مۆدێل و نمایشکاریی جلوبەرگیشدا کار دەکەم، وەکو ئەکتەر بەشداریم لە چوار ڤیدیۆکلیپی هونەرمەندانی کورد کردووە، بۆ چەند مارکەیەکی جلوبەرگیش لە هۆڵەندا کارم کردووە.

ئایە تیشك دەخاتە سەر ئەوەی چۆن رووی لە بواری مۆدێل و نمایشکاری جلوبەرگ کرد و دەڵێ: «دەتوانم بڵێم ئەمە بە رێکەوت بوو، چونکە فۆتۆگرافەرێکی برادەرم پێشنیازی بۆ کردم و منیش لە رێگەی ئەوەوە هاتمە نێو کایەی هونەری فۆتۆفاشن، خۆشبەختانە هەر زوو توانیم سەرنجی دیزاینەر و براندەکان رابکێشم، لە چەند نمایشێکی جلوبەرگ

لە هۆڵەندا بەشداریم کردووە، ئەمەش دەرگایەکی دیکەی لەسەر کارەکانی من کردەوە و تاوەکو ئێستاش لەم کارە بەردەوامم.

ئاماژە بەوەش دەکات کە خانەوادەکەی هاوکاریی زۆریان کردووە و لەو بوارەوە رۆڵی دایك و باوکی بە سەرەکی دادەنێت و دەڵێ: «دایك و باوکم و براکانم پاڵپشتی منیان کردووە و بە خۆشحاڵییەوە پێشوازیان لە کارەکەم کرد، چەند کەسێکیش لە هاورێ و خزم و کەسوکارم هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵمدا بوون و بەشداربوون لە سەرکەوتنم. بێگومان ئەگەر بنەماڵەکەم هاوکارم نەبونایە، هیچ کارێکم سەرکەوتنی بەدەست نەدەهێنا، هەرچەند کارکردن لە ئەوروپا ئاسان نییە، بەڵام من لەگەڵ ئەوەشدا دەخوێنم و کاری نمایشکاری و رۆڵبینین لە نێو کلیپە کوردییەکانیش دەکەم، توانیومە هاوسەنگییەك لە نێوان کارەکەم و خوێندنەکەم رابگرم».

ئەم کچە نمایشکارە لە نوێترین ڤیدیۆ کلیپی هونەرمەند شەیدا رۆڵی هەیە و لەو بوارەوە دەڵێ: «جیاوازییەکی زۆر لە نێوان تەمەنی من و هونەرمەند شەیدا هەیە، بەڵام ئەو حەزیکرد کە بەشێوازێکی نوێ کار لەسەر ئەم کلیپە بکات، لەلایەن بەرێوەبەری کارەکانی هونەرمەند شەیداوە پەیوەندیم پێوە کرا بۆ ئەوەی وەکو ئەکتەر بەشداری لەم کلیپەدا بکەم، منیش بە خۆشحاڵییەوە ئەو داوایەم قبوڵ کرد، چونکە هونەرمەندێکی مەزنە و هەموو کەسێك چانسی ئەوەی نییە لە نێو کلیپەکانیدا رۆڵ ببینێ، لە هۆڵەندا کاری وێنەگرتنی کلیپەکەم کرد، هونەرمەند شەیداش لە ئەڵمانیا کاری وێنەگرتنی خۆی کرد، بەشێوەیەکی زۆر جوان و پرۆفیشناڵانە کلیپەکە تەواوکرا و دواتریش بڵاوکرایەوە. ئەم کلیپە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبووە و لە رۆژئاوای کوردستان زۆر بڵاوبووەتەوە و بەدڵیان بووە».

سەبارەت بە نمایشکردنی جلوبەرگی کوردی لە ئەوروپا ئایە دەڵێت: «بەداخەوە ئەو دەرفەتەم بۆ نەڕەخساوە بە جلی کوردییەوە لە ئەوروپا نمایش بکەم، لەبەر ئەوەی دیزاینەری جلوبەرگی کوردی کەمن و کۆنتاکتمان نییە، هەروەها هیچ کەسێکیش داوای لێ نەکردووم کە جلوبەرگی کوردی نمایش بکەم، خۆتان دەزانن نمایشکردنی جلوبەرگ دەبێت دیزاینەر و دەزگای تایبەت سەرپەرشتیی بکات. من تەنیا وەکو نمایشکارێك بەشداری دەکەم، زۆر خۆشحاڵ و شادومان دەبم بە کارێکی وەها، هیوادارم ئەم دەرفەتە دروست ببێت لە شارەکانی ئەوروپا جلوبەرگی کوردی نمایش بکەم.

لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکەم ئەویش ئەوەیە کە هۆڵەندییەکان جلوبەرگی کوردییان زۆر پێ جوانە، زۆر شەیدای رەنگ و ستایلی جلوبەرگی کوردین، من هەمیشە لە بۆنەکاندا جلی کوردی لەبەر دەکەم، ئەوانیش زۆر پرسیار لەبارەی ئەم جلوبەرگانە دەکەن، حەز دەکەن بیپۆشن، هۆڵەندییەکان زۆر رێز لە کولتوور و نەریتی کوردی دەگرن و تێکەڵمان دەبن، لە بۆنە کوردییەکاندا بەشداری دەکەن، بەگشتی کوردیان خۆشدەوێت، بۆیە بەشێکی زۆریان زانیارییان لەسەر کولتوور و هونەری کوردی بەگشتی هەیە.

سەبارەت بەوەی کە ئایا زیاتر کام ستایلی جلوبەرگی لا جوانە و بەردەوام حەز دەکات نمایشی بکات، ئایە دەڵێ: «هەڵبەتە جگە لە جلوبەرگی کوردی، حەزم لە نمایشکردنی جلوبەرگی بووکانە، یەکەم نمایشی جلوبەرگم بە جلوبەرگی هیندییەوە بوو، حەز دەکەم هەموو جۆر و ستایلێکی جلوبەرگ تاقی بکەمەوە، تێکەڵی هەموو کولتوورەکانی جیهان ببم، چونکە لە هەر کولتوورێك شتێك فێردەبم. هەموو کولتوورێکیش لە جلوبەرگدا جوانی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە».

لە پرسیارێکدا کە ئایا لە ئەوروپا هیچ ئەکادیمیایەك هەیە نمایشکار بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی پەروەردە بکات، ئایە دەڵێت: «بەڵێ، لە هۆڵەندا ئەکادیمیا هەیە کە بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی خەڵك فێری چۆنیەتی نمایشکردنی جلوبەرگ و رۆیشتن لەسەر ستەیج و تەنسیقی رەنگەکان دەکەن و مەرج و رێنماییەکانی نمایشکاری سەرکەوتوو دەخوێنی، بەڵام بەراستی من کاتم نەبووە بۆ ئەوەی لەو ئەکادیمیایە بخوێنم، هەڵبەتە من وەکو هەموو نمایشکارە جیهانییەکان دەخوازم بەناوبانگ بم، رەنگە ئەمە ئەستەم نەبێت، بەڵام پێویستی بە هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر دەبێت، من بەشداریم لە هەفتەی نمایشی هۆڵەندی کردووە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا کەسێکی وانەبووە بە جلوبەرگی کوردییەوە بەشداری لەم نمایشانەدا بکات، حەزم دەکرد بە جلوبەرگی کوردی جگە لە هەفتە نمایشی هۆڵەندا لە نمایشی وڵاتانی ئەوروپا بەشداری بکەم، هیوادارم ئەو رۆژە ببینم.



# وێنەگرێک کیم کارداشیان بە دزین تۆمەتبار دەکات



سەرەڕای ناوبانگ و سەروەت و سامانی زۆری (کیم کارداشیان)ی ئەستێرەی تەلەفزیۆنی کە لەسەر ئاستی جیهان پێی ناسراوە، بەڵام وێنەگرێك بە ناوی سەعید بۆلدۆن بە دزینی وێنەیەکی و بڵاوکردنەوەی لە ئەنستاگرام تۆمەتباری دەکات.

وێنە بڵاوکراوەکە بۆساڵی ٢٠١٨ دەگەڕێتەوە و تێیدا کیم و کانی ویستی هاوسەری بەدیاردەکەون و لە ئەنستاگرام زیاتر لە دوو ملیۆن لایکی بۆ هاتووە، وێنەگرەکە دەڵێ بەبێ ڕەزامەندیی خۆم لە ئەنستاگرام بڵاوی کردۆتەوە و لە بەرامبەردا هیچ بڕە پارەیەکیشم پێ نەداوە.

سەبارەت بەو سزایەی لە بەرامبەر بڵاوکردنەوەی ئەم وێنەیە دەکەوێتە سەر کیم، وێنەگرەکە دووپاتی کردەوە ئەو داوای ئەو قازانجە دەکات کە لە بەرامبەر بڵاو کردنەوەی وێنەکە دەستی کەوتووە، بێ ئەوەی هیچ بڕە پارەیەکی دیاری کراو باس بکات، ئەمەش لە بری ئەو زیانە ئەدەبی و ماددییانەی پێی کەوتوون.

کیم کارداشیان هیچ وەڵامێکی بۆ ئەو تۆمەتانە نەبووە و تا ئێستا لێدوان و بەیاننامەیەکی بڵاو نەکردۆتەوە، لەلایەکی دیکەوە کیم کارداشیان و خوشکە ملیاردێرەکەی کیلی جینر بەشدارییان لە دانیشتنێکدا کرد دەربارەی چۆنیەتی بەکارهێنانی مکیاژ و ڕوونکردنەوەی هەنگاوەکان لەم ڕووەوە، ئەمەش وەك بەشێك لە ریکلامێکی بازرگانی بۆ براندنی (Kylie Cosmetics)ی تایبەت بە کەرەستەکانی جوانکاری.

چاودێران بێدەنگییەکەی کیم کارداشیان دەربارەی تۆمەتبارکردنی بە دزی، بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە گرنگیی بەم بابەتە نادات، یان هەوڵەکانی بە نهێنی دەستپێکردووە بۆ ئەوەی لە ڕێگای پارێزەرەکانیەوە ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن و هەوڵ بدەن بە بڕە پارەیەك وێنەگرەکە ڕازی بکەن، کە سکاڵاکەی بکێشێتەوە.

## بەرهەمە نوێیـ

دیاردەی دزینی بەرهەمە هونەرییەکانی هونەرمەندان لە سەرتاسەری جیهان بەردەوامە و تا ئێستا هونەرمەندان بە دەستییەوە دەناڵێنن، بە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای سەردەم هۆکارەکانی دزینی بەرهەمەکانیش پێشکەوتووە.

یەکێك لەو هونەرمەندانەی کە بەرهەمەکەی بەر لە بڵاوکردنەوەی دزراوە لەیدی گاگایە، کە گۆرانییەکی بە ناوی (Stupid Love)ـە، لەم ڕووەوە گاگا لە نامەیەکدا داوای لە جەماوەر و هەوادارانی خۆی کردووە کە بە هیچ شێوەیەك گۆرانییە نوێیەکەی بڵاو نەکەنەوە کە یەکێکە لە گۆرانییەکانی شەشەمین ئەلبوومی، چونکە تا ئێستا ئەو هیچی بڵاو نەکردۆتەوە و ئەو گۆرانییەش دزراوە، گاگا لە نامەکەیدا وێنەیەکی گۆرانییە دزراوەکەی

## کانجانا:

# لە پێناو خوشکەکەم زۆر ڕۆڵم قبوڵ کرد



خانمە ئەکتەری ناسراوی بۆلیوود (کانجانا ڕانۆت) لە دیمانەیەکدا باسی لە چەند لایەنێکی نهێنیی ژیانی تایبەتیی خۆی کرد، لەوانە هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی چەند ڕۆڵێك لە سەرەتای ژیانی هونەرییدا، بۆ ئەوەی بتوانێت پارەی چارەسەری خوشکەکەی دابین بکات.

لە سەرەتای چوونە ناو بواری هونەرییەوە خوشکی کانجا ڕووبەڕووی هێرشێك بۆوە بە ئەسید، کە بووە هۆی شێواندنی بەشێکی زۆری ڕووخساری، لەم ڕووەوە کانجا دەڵێت کە ئەو هێرشە کاریگەرییەکی نەرێنیی زۆری لەسەر ژیانم هەبوو، چونکە من لە سەرەتای کاروانی هونەریمدا بووم و هێشتا بە تەواوی ناسراو نەبووم، بۆیە ناچار بووم بە چەند ڕۆڵێك ڕازی بم، کە ئێستا بە قێزەوەنیان دەزانم، تەنیا بۆ دابینکردنی پارەی چارەسەری خوشکەکەم.

لەم دیمانەیەدا کە لەگەڵ گۆڤاری (مۆمبای میرۆر) ئەنجامی دا، کانجانا دەربارەی سەرەتاکانی ژیانی هونەری و خەباتکردن بۆ ڕزگارکردنی خوشکی دەڵێت: «تەمەنم هێشتا نۆزدە ساڵان بوو و لە سەرەتای کاروانی هونەریم بووم، بۆیە بۆ من زۆر سەخت بوو کە ڕووبەڕووی ئەو بارودۆخە ببمەوە، لە ڕووی ماددییەوە هێشتا هەژار بووم، بەڵام دەبوو واقعییانە مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا بکەم و کاتی ئەوەم نەبوو دانیشم و بگریم، ناچار بووم هەندێك لە فیلمەکانمدا چەند ڕۆڵێکی سەرنجڕاکێش ببینم، کە شایەنی من نەبوون، ناچار بووم وەك میوان بەشداری لە چەند فیلمێکدا بکەم، هەر ئەوەش بوو وایکرد کە خوشکم لەلای باشترین پزیشکەکان چارەسەر بکەم، لەو ماوەیەدا ٥٤ نەشتەرگەریی بۆ ئەنجامدرا».

لە کۆتایی دیمانەکەیدا کانجانا دەڵێ: «بە خۆڕاگری و خۆشەویستیم بۆ خوشکم ئەو دۆخە سەختەی کە زۆر بە زەحمەت تێم پەڕاند، ئێستاش بە هۆی ئەو ئەزموونەوە بووم بە ئافرەتێکی سەربەخۆ و بە هێز».

## ـــــــەکەی لیدی گاگا دزرا



نمایش کرد.

دزینی گۆرانییە نوێیەکەی گاگا وەك شۆك و سوپرایزێکی چاوەڕوان نەکراو بوو بۆ هەوادارانی، چونکە یەکەم جارە تووشی ئەم ڕووداوە ببێتەوە، گاگا لە نامەکەیدا دەڵێ: «ئەو کەسانەی کە گوێ لەو گۆرانییە دەگرن و بۆ یەکتری دەنێرن، یان بڵاوی دەکەنەوە، بێگومان ئەوە هانی دزینی زیاتری بەرهەمی هونەرمەندان و ئەو کەسانە دەدەن کە ئەو کارە نەشیاوانە بەرامبەر بە هونەرمەندان ئەنجام دەدەن.

ئەوەی مایەی سەرنجی جەماوەری گاگا بوو، گۆرانیی (Stupid Love) یەکێك لەو گۆرانییانەی کە ئێستا گاگا لە چوارچێوەی ئەلبوومە نوێیەکەیدا کاریان لەسەر دەکات، کە بڕیار وایە لە مانگی شوباتدا بڵاوی بکاتەوە.

# چۆن شانۆمان لە کوردستان بووژاندەوە

شانۆ لە کوردستاندا مێژوویەکی زۆر تازەی هەیە، کە دەڵێین تازە بە مانای ئەوەی هەرچۆنێکی بکشێنیت ناگەڕێتەوە بۆ پێش سییەکانی سەدەی رابووردوو و، تەمەنی ناگاتە سەد ساڵێك، لە کاتێکدا شانۆ لای گریك و رۆمانەکان دەگەڕێتەوە بۆ چەند هەزارەیەك پێش زاین، ئاسەواری شانۆکانیان خۆیایە، جگە لەوەش شانۆکارانی ئەو سەردەمە و شانۆنامەکانیان تا ئێستاش بە نەمری ماونەتەوە و تەنانەت لەم سەردەمەش دا نمایش دەکرێن و جێگای مشتومڕی کەسانی هەڵوەدای شانۆن. پاش ئەمانیش لە وڵاتانی ئەوروپا و ئاسیا، شانۆ لەبەرەوپێشچوونی ئەو کۆمەڵگایانەدا رۆڵێکی کاریگەری دیوە.

ئەوەندەی من بزانم لە کوردستاندا ئەوەی پێی بڵێن شانۆ لە پەنجاکانی سەدەی رابووردوودا سەری هەڵدا و، لەسەر دەستی هونەرمەندانی وەك رەفیق چالاك، نووری وەشتی، سمکۆ عەزیز، ئەمینی میرزا کەریم، کامەرانی شاعیر و چەندانی دیکە، لە توێی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی ئەو کاتە و، بە هەوێنی چەند هەوڵێکی پێش خۆیان سەری هەڵدا، تا بارستاییەکی ئەوتۆ دەتوانین ناوی شانۆی لی بنێین، ئەویش بە گۆڕینی چەند دەقێکی بیانی، وەك ئۆتێلۆ و بازرگانی ڤینیسیای شکسپیر و، بیدەرەتانان (البۆساء)ی ڤیکتۆر هۆگۆ بۆ سەر زمانی کوردی، هەروەها چەند دەقێکی شانۆیی کوردی وەك بووکی ژێر دەواری رەشی ا.ب. هەوری و، گڵکۆی تازەی لەیلی ئەحمەد بەگی کۆماسی و چەند دەقێکی دیکەش.

لەگەڵ سەر هەڵدانی شۆڕشی کورد دا، لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ رژێمی قاسمی دڕندەترین گەمارۆی خستە سەر کوردستان، هەرچی رۆشبیری کورد هەیە، بە هونەریشەوە، کەوتە بەر ئەو گەمارۆیە و هەموویان ئیفلیج کرد و کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانیش نەما، دەتوانم بڵێم، ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیەش هەر هەموویان تەفروتونا بوون و زۆربەیان ژیانیان لە زیندان و مەترسیدا دەبردە سەر، دوای ئەوەش ئینجا رژێمی بەعس خراپتر دەستی نایە بینی هەموو چالاکییەکی کوردی.

شانۆ وەك هەموو چالاکییەك بۆ ماوەی هەشت ساڵ پەردەیەکی رەشیان بەسەردا دادایەوە و، بە هیچ جۆرێك کەس نەیدەوێرا خۆی لەو بوارە نزیك بکاتەتەوە. ساڵی ١٩٦٨ ئێمە چەند گەنجێکی بەهرەداری خوێنگەرم بووین لە پەیمانگای مامۆستایانی سلێمانی، هەمیشە هەڵوەدای بابەتی رۆشنبیریی بووین، هەر لەو کاتەدا مامۆستایەکمان بۆ هات ئەویش عەبدولقادر نووری بوو (بۆ ماوەیەکی زۆر کوردستانی جێهێشت، لە رووسیا دەژیا ئێستا هاتۆتەوە لە سلێمانییە) بە هاندانی ئەم مامۆستایە دەستمان کرد بە بەرهەمهێنانی شانۆیی بریار و ئەنجامی رەوانشاد ئەمینی میرزا کەریم، ئەو هونەرمەندانەی بەشدارییان کرد ئەمانە بووین، رەوانشاد کەمال دڵشاد، رەوانشاد عوسمان چێوار، حەمەڕەشید هەرەس (خاوەنی ئەم نووسینە) عەبدولی حەمە جوان، رەوفی حاجی سەعید، جەمیل ئەحمەد شازەمان، صەلاح صالح یونس. هەر لە یەکەم رۆژی نمایشەکەوە کە لە کەشیکی ساردی مانگی یەکی ساڵی ١٩٦٩بوو، بەرەو رووی جەماوەرێکی بێ شووماری تامەزرۆی شانۆ بووینەوە، زیاد لە کیلۆمەتریك خەڵك سەرەیان گرتبوو بۆ بینینی شانۆییەکە، رۆژێکیان جەماوەرەکە ئەمەندە زۆربوون ئێمەی ئەکتەران نەماندەتوانی بچینە ژوورەوە بۆ هۆڵەکە، بێگومان بە یارمەتی تیپی مۆسیقای سلێمانی، کە ئەو کاتە هەموویان میوزیکژەنی چالاکیی قوتابخانەکان بوون، ماوەی دوو هەفتە ئەم چیرۆکەمان نمایش کرد، دەنگێکی زۆر باشی لە شارەکەدا دایەوە، جەماوەرێکمان سەرسام کرد بە نمایشەکەمان، چونکە بە یارمەتیی مامۆستاکەمان شانۆییەکمان پێشکەش کرد، کە زۆر جیاواز بوو لەو شانۆییانەی ساڵانێك پێش ئێمە نمایش کرابوون، ئەویش لە بابەتی دیکۆر، رووناکی، مۆسیقای دیمەن و ئێکسسوارەوە. ئەم شانۆییە و هاندانی جەماوەر و پێداویستیی کۆمەڵگا بۆ هونەرێکی نەتەوەیی کارێکی وای کرد کە ئەمە کۆتا ئیشمان نەبێت و هەر بەردەوامبین لە بەرهەمهێنانی شانۆیی، ئەوە بوو هەر لەو ساڵەدا لە شاری کەرکووکی خۆشەویست لە هۆڵی بەهوی شارەوانی چیرۆکی شانۆیی نەورۆزمان پێشکەش کرد، هەر هەمان ساڵ لە گۆڕەپانی دواناوەندیی سلێمانی و هەروەها لە یاریگای سلێمانی شانۆییمان پێشکەش



حەمە ڕەشید هەرەس





کرد. بەم جۆرە ئەو هونەرمەندانەی لەسەرەوە ناوم هێنان، بە تایبەتی (من و عوسمان چێوار، عەبدولی حەمە جوان، جەمیل شازەمان و، کەمال دڵشاد) شانۆمان بە تەواوەتی بووژانەوە و هەوڵی ئەوەمان دەدا لە تیپێکی مۆڵەتپێدراودا دەستبەکاربین، ئەوەبوو مامۆستا عەبدولقادر نووری پێشنیازی کۆمەڵەیەکی شانۆیی کرد و، دوایی لە کۆمەڵەی هونەر و یژەی کوردیدا رەنگی دایەوە، هەر ئەمەش بوو بە هاندەری ئەوەی تیپی نواندن و مۆسیقای سلێمانی دروست ببێت و، ئەمانە هەمووی بوون بە بناغەی دروست بوونی شانۆ لە شارەکانی دیکەی کوردستاندا.

هەر ساڵی ١٩٦٩ئێمە لە تیپی نواندنی سلێمانی پاش ئەوەی شانۆیی سەرینی باداریمان لە نووسین و دەرهێنانی (ئەحمەد دەنگگەورە) نمایش کرد، هاوینی ئەو ساڵە بوو، ئەو بەرهەمەمان برد بۆ هەولێر، لە هۆڵی گەڵ ئەو شانۆییەمان پێشکەش کرد، هەر ئەوەش بوو بە هاندەرێك بۆ هونەرمەندانی هەولێر کە تیپی هونەریی هەولیر دابمەزرێنن، هەندێك لە هونەرمەندانی هەولێر داوای کردنەوەی لقێکی کۆمەڵی هونەر ویژەی مەڵبەندی گشتی سلێمانیان کرد و، بەمجۆرە هونەری شانۆ لە کەرکووکیشدا، لە تیپی مەشخەڵ و لقێکی دیکەی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردیدا رەنگی دایەوە، ئینجا لە شارە بچووکەکانی وەك رەواندز، چەمچەماڵ، هاوینەهەواری سەلاحەدین شوێنی دیکەیش کرایەوە، ئەو کاتانە کە هونەرمەندانی شانۆ لە شارێکی وەك سلێمانی، یان هەولێر، کەرکووك، هەروەها لە دهۆك نەدەگەیشتنە پەنجا کەسێك، وا ئێستا لە هەر شارێکی کوردستان یان و دەتوانم بڵێم سەدان کەس دەڵێن ئێمە ئەکتەرین و، سوپایەکی بێشوماری بە دواوەیە، ئەو کاتانە هۆڵێکی وا لە هەموو کوردستاندا نەبوو، کە هەلومەرجی هۆڵی نمایشی لەخۆ گرتبێت، ئێستا لە چاو ئەو کاتانەدا هەر چەندە جیاوازی زۆرە، بەڵام هێشتا پێویستیمان بە هۆڵی شیاو هەیە و ویستی هونەرمەندان تێر ناکەن.

ئەمە بیرەوەییەکی سەرپێیی بوو، یان بڵێین سەرەتایەکە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا وردە وردە رۆ بچینە ناو ئەم هونەرە هەستیارە و، هەندێك راستیی مێژووی شانۆ و درامای کوردی بۆ نەوەکانی داهاتوو تۆمار بکەین.